# وەڵام بە تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی و شێخ زاناکان، جیابونەوەی کوردستان و پیکهێنانی حکومەتێکی عەلمانی و ناقەومیە !

**سامان کەریم**
zaryak@yahoo.com

بە ڕیگای ڕیکەوت و پاش 8–9ساڵ لە بونی باندی تیرۆریستی شێخ زانا، دواجار کارە تیرۆریستی و وەحشیگەرییەکانی باندی شێخ زانا ئاشکرا بوو. ئەم باندە تیرۆریستیەی ئیسلامی سیاسی سەرەڕای تەقاندنەوەو خۆتەقاندنەوەو ڕفاندنی منداڵان و لاوانی کچ و کوڕ کارێکی بەردەوامیان بوو، بۆ ئیغتصابی سێکسی و پاشان کوشتن و پارچە پارچەکردنی لەشی نێچیرەکانیان، کە شێوەو فەرهەنگێکی تەواو وەحشیگەری ئیسلامی سیاسی دەخاتە ڕوو کە تا ئێستا لە لایەن دەرهێنەرانی هولیوودەوە پەی پێنەبراوە. ئەم تیرۆریستانە نەك هەموویان کوردی 24عەیار بوون و خەڵکی شاری هەولێرو دەوروبەری بوون بەڵکو شێخ زانا لە پلەو پایەکی بەرزی کۆمەلایەتی بەهرەمەندبوو لای پارتی دیموکراتی کوردستان و بەجۆرێك کە جێگای باوەڕو متمانەیان بوو وە بەتەلفۆنێکی حاجی شێخ زانا زۆر کار مەیسەر دەبوو لای گەورە بەرپرسانی پارتی. بەلاّم ئەم دیاردە کوشندەیە چی‌یەو بۆچی دەبێت لەکوردستاندا ئێمە شاهیدی سەرهەڵدانی باندی تیرۆریستی لەم چەشنە بین؟! کام هەلومەرجی کۆمەلایەتی و سیاسیەیە کە ئەم دڕندانەو باندەکانیان دەخولقێنی؟! وەلاّمی پارتی دیموکرات چی‌یە سەبارەت بەم باندە تیرۆریستی‌یەی ئیسلامی سیاسی؟! میدیای ڕەسمی  کوردی چۆن دەڕوانێتە ئەم دیاردە؟ ئیمکانات و توانایی باندێکی لەم چەشنە خەتەرناك و ئینسانکوژو وەحشی و مانەوەی بۆ ماوە 8–9 ساڵ بیٚ ئاشکرابون چۆن مەیسەر بووە؟!

## وەلاّمی نەزۆکی ناسیونالیێزمی کورد

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابوردودا لە شاری هەولێر چەندین تەقینەوەی تیرۆریستی ڕویداوە، لەوانە تەقینەوەی 1ی شوبات و تەقینەوەکانی ئەمساڵ لە نزیك ئۆتێلی زەیتونەو... پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتاوە باسی ئەوەبوو کە تیرۆریستان لەدەرەوە هاتون و لە هەموو کارەساتەکانیشدا هەموو کارو کاردانەوەیەکی پارتی بوبوو بەوەی کە چۆن ئیسلام لە ژێر باری ئەم تیرۆرو وەحشیگەرییە دەربهێنێت، لە ڕیگای هێنانی یەکێتی زانایانی ئاینی بن دەسەلاّتی خۆیەوەو ئەم کارەی جێبەجێدەکرد و ئەمجارەش هەر وای کردو بەهەمان شێوە یەکێتی زانایانی ئاینی هێنایەوە پێشی شانۆ لە نێچیرڤان بارزانیەوە تاکو دەگاتە ئاستی خوارەوەی ریزەکانی ئیدارەی هەولێرو پارتی ئیسلامیان بیٚ بەری کرد لەم دیاردە وەحشیگەریەی ئیسلامی سیاسی، لەمبارەوە پارتی وەکو کۆمەلی ئیسلامی و یەکگرتوو بزوتنەوەی ئیسلامی کە هەڵپەیان بوو ئیسلام پاك بکەنەوە لەم وەحشیگەرییە، ڕۆلی بینی. بیٚ بەریکردنی ئیسلام لەم دیاردانە وەکوو تەجروبەکانی پێشوو نیشانی داوە ئاکامێکی باشی نەبوەو بگرە زەمینەی بۆ کاری تیرۆریستی ترو دەرکەوتنی گروپی تیرۆریستی ئیسلامی تر کردۆتەوە. ئەمە فەرهەنگ و عادەتی ناسیونالیزمی کورد بوە بە درێژایی 15 ساڵی ڕابوردوو، لە کۆمەل کوژیەکەی خێلی حەمەشدا یەکێتی نیشتمانی بەهەمان شێوە ڕەفتاری کرد. لای ناسیونالیزمی کورد باران بیٚ هەوریش دەبارێت. لێرەدا پێویستە ئاماژەیەکی کورت بە ڕۆلی ڕۆشنبیرانی کوردو بلاوکراوە کوردییەکان بدەین، کە هەمیشە وەکو حەلقەی زائیدەی ئەحزابی دەسەلاتداری کوردی نوسیویانەو باسیان کردوەو بەم پی‌یەش نەك هەرگیز نەیانتوانیوە ڕۆلێکی پێشڕەو بگێڕن و ئاسۆیەکی ڕزگاریبەخش نیشانی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بدەن، بەڵکو هەمیشە بە هەمان شێوەی ئەحزابی دەسەلاتدار، ڕۆلی چەواشەکارانەو سەرلێتیك دەرانەیان بینیوە.

بەلاّم ئەمە لایەنێکی وەلاّمی پارتی بووە، لایەنێکی تری توندکردنەوەی فەزای کۆنترۆلی بازگەکان بوە، کۆنترۆلێك کە ڕوی لەوەیە هیچ ژن و پیاوێك پێکەوە نەبن مەگەر عەقدی زەواجیان پیٚ بێت چونکە " بیٚ باوەری بە کوردیش پەیدا بوەو ئیحتمالە وەکو شیخ زانا ئەو ژنەت فڕاندبێت" هەروەها توندکردنەوەی کۆنترۆل و داواکردنی شوناسنامەو کۆنترۆلی ئۆتۆمۆبیل و شتی لەم بابەتە.... کە هەموویان زیاتر ڕووی لەوەیە کە فەوایەکی ترس بخولقێنێت وەك لەوەی کە دەردێك چارە بکات، بەتایبەت باندێکی وەك شێخ زانا هەموویان خەڵکی هەولێر بون ئەم جۆرە ڕەفتارانە هیچ کاریگەرییەکی نابیت بۆ سەر باندی لەم چەشنە. ئەوە بەجیا لەوەی کە چارەسەری تیرۆرو تیرۆریزم هەرگیز لە ڕیگای سەربازی و کۆنترۆلی بازگەکانەوە مەیسەر نابێت و ئەمەریکا بەهەموو هێزو توانایەوە، نەك نەیتوانیوە بە وەلاّمی سەربازی و کۆنترۆل و ڕەشبگری زاڵ بیت بەسەر تیرۆردا بەڵکو تا بێت تیرۆرو باندی تیرۆریستی زیادیکردوە. ئەمە بەجیا لەوەی کە ئەم هەلسوکەوتەی پارتی ڕووی لەوەیە کە هیچ مافیکی فەردی و مەدەنی بۆ خەڵکی شاری هەلێرو ناوچەکانی تری ژێر دەسەلاّتی خۆی نەهێلێتەوە.

لایەنێکی تر وەڵامی پارتی نیشاندانی فلیمەکانی ئەم باندە بوو لە زنجیرەیەکی تەلەفیزیۆنیدا. زنجیرەك فلیمی وەحشیانە کە مەگەر هەر ئیسلامی سیاسی تواناى ئەوەی هەبێت ئەکتەرو دەرهێنەری وا پەیدا بکاتو بیخوڵقێنێت. بەڵام مەبەستی پارتی دیموکرات لە نیشاندانی ئەم فلیمانە چەند ئامانج دەپێکێت، یەکەمیان/ دەیەوێت لەم ڕیگەیەوە شەرعیەتی هەر حوکمێك وەربگرێت کە دەیدات بەسەر ئەم باندە دا، هەر بۆیە پێش هەر کەس " پیاوانی ئاینی"و نوینەرانی ئەحزاب بانگ دەکات بۆئەوەی فلیمی تریشیان نیشان بدات. ئەم خاڵە نیشانەی تەحفوزی پارتیە بەرامبەر بە حوکمیك کە دەوێت دەریبکات یان لەوانەیە حوکمەکەی عەمەلی کردبێتەوەو لەم ڕیگایەوە دەیەوێت خەڵکی کوردستان بخاتە پال حوکمیك کە داویەتی، دووەمیان/ لابردنی سەرنجی خەڵکی کوردستانە لەسەر مەسائیلو کۆسپەکانی کە دەرگیرە لە گەلیدا سەبارەت بە کەمی خزمەتگوزاریەکانو کەمی موچەو کەمی ئاوو کارەباو... بەکورتی سەرنج ڕاکێشانی کۆمەڵگایە بەرانبەر بە "دوژمنی هاوبەش"و بەم پیٌیەش توند کردنەوەی فەزای پێشگرتنە بە ئازادییە سیاسیەکان لە خۆپیشاندانو مانگرتنو هەر خواستو داویەکی توێژە جیاوازەکانی خەڵكو هەروەها دەیەوێت لەم ڕیگایەوە سەرنجی خەڵك لەسەر بەرز فری خۆیانو نزم نیشتنەوەیان سەبارەت بە مەسەلەی کەرکوكو ماددەی 58 لاببات، کە بە ئامادەبونی سەرۆکی عێراق جەعفەری ماددەی 58و مەسەلەی کەرکوکی دواخست بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی سالی 2006و فاتحەیەکی بەسەردا خوێند. سێهەم/ گێڕانەوەی ئیعتبار بۆ دەزگا ئەمنیەکانی لە دەزگای پاراستنو ئاسایش، کە بەتەواوی بیٌ ئیعتبار بوبون بەتایبەت کە باندێکی لەم چەشنە کە بۆماوەی 8-9 ساڵە تەراتێنیانە لەشاری هەولیرو دەوروبەریداو ئاسایشو پاراستتنەکەی پارتی کە مانگانە بە ملیۆنەها دولاریان بۆ سەرف دەکرێت، هەر بیٌخەبەریش بون لیٌو ئەگەر ڕاکردنی ئەو منداڵە نەبوایە مەعلوم نەبوو کەی ئەم باندە ئاشکرا دەبێت، بەنیشاندانی ئەم فلیمانە پارتی دەیەوێت بلیٌ "پۆلیس نەنوستوە" وبەم پیٌیەش هێزی دەزگاکانی پاراستنو ئاسایش لەبەرچاوی خەڵك گەورەتر بکات.

ئەمە بەجیا لەوەی کە نیشاندانی فلیمەکان بەم شێوەیەو نیشاندانی سەربرینی ئینسانەکانو پارچەپارچەکردنیان، فەزایەکی دەرونی خراپی بۆ خەڵکی کوردستانو بەتایبەت بۆ خەلکی شاری هەولیر پێکهێناوەو تا ئێستا دەیەها کەس بەهۆی باری دەرونیانەوە چونەتە خەستەخانەکان بەهۆی سەیرکردنی ئەم فلیمانەوە کە بەشێوەیەکی نائینسانیانە نمایشکراونو لەلایەکیتریشەوە فەزایەکی ترسو خنکاندنی مافی فەردیو مەدەنی لە ئاستی کۆمەلایەتیداو بەتایبەت بۆ ژنان پێکهێناوە.

## باندی تیرۆریستی شێخ زانا، بەرپرسیارێتی دەسەلاتدارێتی ئەحزابی کوردی !

حاجی شێخ زاناو باندەکەی هەموویان دەرچوانی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی کوردستانو مزگەوتەکانی شاری هەولێرن. حاجی شێخ زانا، خۆی لەبزوتنەوەی ئیسلامی بووەو پاشان کۆمەلی جیهادی پێکهێناوە لەگەل چەند کەسی دیکەداو پاشان لەوانیش جیابۆتەوە. ئیعترافاتەکانی باندەکە بەڕۆشنی ئەوە نیشان دەدات کە ئەمانە قورئانو ئاینی ئیسلام بەرنامەیان بوە. بەڵام ئیمکاناتو توانایەکی مالی کەئەم باندە هەیەتی، فراوانترە لەوەی کە بیٌ پەیوەند بێت بە تیرۆریستە گەورەکانی ئیسلامی سیاسییەوە لەچەشنی قاعیدەو ئەوانی دیکەو تەنانەت گروپو حزبەکانی ئیسلامی سیاسی لەکوردستان ئەکەر بەوردی لێکۆلینەوەیەکی لەسەر بکرێت بێبەرینابن لەم تاوانە گەورەیە، هەروەك چۆن جند الاسلامو مەلاکرێکار لە کۆمەلو بزوتنەوەوە سەر دەردەهێننن بەهەمان شێوە ئەمانیش پشتو پەنایەکیان هەیە لە کوردستان.

بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ئیسلامی سیاسی وەکو بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتیو خاوەن پایەی جەماوەری لەکوردستاندا، هەمیشە زۆر لاواز بیٌ پایە بوە. ئەوەی کە ئیسلامی سیاسی کردە هێزو مارێکی چەند سەرە، دەسەلاتدارێتی ناسیونالیزمی کورد بوو. ناسیونالیزمی کورد لە کوردستان لە ماوەی 15 ساڵی حوکمرانی خۆیدا، دەرگیر بوە بە شەری ناوخۆو پێش لەشکری بۆ ئەم دەولەتو ئەو دەوڵەتی ناوچەکەو بەم پیٌیەش لە پێناو بەزاندنی یەکتریدا وەرقەی سپیشیان ئیمزا کردوە بۆ جمهوری ئیسلامی ئیران بۆ تورکیا بۆ بەعسو ئاکامێکی ئەمەش دەزگا جاسوسیەکانی ئەم وولاٌتانە وەکو خۆل لە کوردستاندا تەراتێنیان کردوەو لەم بارەوە چەندین دەستەوتاقمو گروپی تیرۆریستیو جاسوسیو خاوەن مەلەف لەکوردستاندا پێکهاتوون لەلایەكو لە لایەکی تریشەوە هەمیشە لایەك لە یەکێتیو پارتی لە پێناو شکاندنی یەکتریدا، هێزە ئیسلامیەکانی بەهێز کردوەو پارەو پولی بەسەردا تەخشانو پەخشان کردونو تەنانەت بۆ ماوەیەکی زۆر ناوچەکانی هەورامانو هەلەبجەیان بۆ بەجێهێشتبون لەبەر خاتری چاوی کالی جمهوری ئیسلامی ئێران. ئەمە بەجیا لەوەی کە لە پارەو پولی خەڵکی کوردستان وەکو بەشێك لە بودجەی جێگیر کراو، بە دیاری مانگانە چەندین ملیۆن دینار دراوە بە هێزەکانی بزوتنەوەی ئیسلامیو نەهزەی ئیسلامیو کۆمەلی ئیسلامیو یەکگرتوی ئیسلامیو تەنانەت بە جندو الاسلام لە ڕیگای ئەمانەوە، ئەمانەو جگە لەوەی ژمارەی منارەو مزگەوتەکانی کوردستان لە چاو کردنەوەی خەستەخانەو قوتابخانەو هۆلی وەرزشیدا بەهیچ شێوەیەك قابلیی بەراورد کردن نیەو لەلایەکی تریشەوە ئەم مزگەوتانە بە بەرچاوی ئاسایشو هیزە چەکدارەکانی هەروو حزبی دەسەلاتدارەوە کرابوە شوێنی وانەی تیرۆریستیو تەنانەت شاردنەوەی چەكو تەقەمەنی تیرۆریستەکان.

سەرەڕای هەموو ئەمانە ناسیونالیزمی کورد بەپێی سروشتی سیاسی و فەرهەنگی خۆی هێزیکی ناموتەمەدن و دواکەوتوە بوە، بۆیە لە بردنە پێشەوەی یاساکانی حکومەتی بەعس و سەرکوتی ئازادییە سیاسیەکان و قەدەغەکردنی مافە مەدەنی و فەردییەکانی خەڵکی کوردستاندا، درێغی نەکردوە. ئەوەنیە پارتی لە نێو شاری هەولێرداو لەباخچەی سەرەکی شاردا، ڕیگا نادات تەنانەت کچ و کوریك پێکەوە بگەڕێن مەگەر شاهیدیان هەبیت یان عەقد زەواج یان دەبرین بۆ پۆلیس!! عەجایب دیموکراتی.
بەڵام ئەمڕۆ و دوای ڕوخانی حکومەتی بەعس بە جیا لە هەمو ئەوانە ناسیونالیزمی کورد بەشێکە لە پرۆسێسێکی سیاسی کە ئەمەریکا لە عێراقدا بەرێوەی دەبات، ئەمەش بیانو دەداتە دەست تیرۆریستانی ئیسلامی سیاسی کە کوردستان بکەنە مەیدانیك لەمەیدانەکانی کاری تیرۆریستی و تەقینەوەو خۆکوژی خۆیان و بیکەنە مەیدانیك لەمەیدانەکانی جەنگ. لەجیاتی شیخ زانایەك دەیان باندی وەك شیخ زانا دروست بکەن، ئەوەنیە لە رۆژی 7/22 لەرۆژی هەینی‌دا ئیمامی مزگەوتی "جەعفەر قادر" لە شاری هەولیر بەئاشکرا دیفاع لە باندی شێخ زانا دەکات، ئەوەنی‌یە 3 کەلەسەری ئینسانی تیرۆرکراو لەڕۆژی 7/17 لەنێو شاری هەولیر فرێدەدرێت. پاشان کەشف نەبونی ئەم باندە بۆماوەی 8–9ساڵ پرسیار دروست دەکات کە چەندین باندی لەم چەشنە هەبێت و تا ئێستا ئاشکرا نەبون، وە لە لایەکی ترەوە بەستنەوەی کوردستان بەعێراقەوە لەلایەن ناسیونالیزمی کوردەوە هەمیشە ڕیگا دەکاتەوە بۆ پەیوەندیگرتنی هێزە ئیسلامیەکانی کوردستان و تیرۆریستانی ئیسلامی لە قاعیدەوە تاکو ئەوانی دیکە....
کەواتە لە دوو ڕوەوە ئەحزابی کوردی دەسەڵاتدار بەرپرسە لە سەرهەڵدان و برەو پەیداکردنی تیرۆریزمی ئیسلامی: یەکەمیان/ سیاسەت و فەرهەنگ و عەملکردی ئەحزابی کوردی دەسەلاتدار لە ماوەی 15 ساڵی ڕابوردوداو سەرکوتی ئازادییە سیاسی و فەردی و مەدەنیەکان و بردنە پێشەوەی سیاسەت و یاساکانی بەعس لە بەرابنەر مافە مەدەنی و سیاسی و فەردییەکانی خەڵکی کوردستان و تەخشان و پەخشانکردنی پارەو پولی خەڵکی کوردستان بەسەر هێزە ئیسلامیەکانداو بەهیزکردنیان لە بەرانبەر یەکتریدا لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆو پێش لەشکری بۆ وولاتانی ناوچەکە هەرچی زیاتر برەوی دا بە ئیسلامی سیاسی لە هیچەوە کردنیە هێزو خاوەن ئیمکاناتی فراوان. دووەمیان/ بەشداریکردنی ئەحزابی دەسەلاتداری کورد لە پرۆسێسی کاولکاری و داروخانی عێراقدا وکارکردن وە هێزیك لە حەلقەی سیاسەتە شەرخوازەکانی ئەمەریکاداو بەم پێیەش لکاندنی کوردستان بەعێراقەوە لەڕیگای هەڵبژاردنە گالتەجاریەکەی کۆتایی مانکی کانونی دووەم کە بۆخۆشیان مایە پووچ دەرچوون.
لە سایەی هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەلایەتی ئاوهادا لەجیاتی بزوتنەوەیەکی ئیسلامی و یەکگرتوویەك سەرەڕای گەورەبونی خۆیان دەیان دەستەوتاقمی تیرۆریستی تر سەردەردەهێنن و دروست دەبن، کۆمەلی ئیسلامی و ئەنساری ئیسلام و شیخ زانا و کۆمەللی جیهادو... نمونەیەکن لە زادەی ئەم هەلومەرجە کە ڕاستەوخۆ ئەحزابی دەسەلاتداری کوردی بەرپرسن لە بەرانبەریدا.

## چ بکەین، بۆ بنبڕکردنی شێخ زاناکان و باندە تیرۆریستیەکانی تر لەکوردستان؟

ئیعدام و کوشتنی باندەکەی شێخ زانا وەڵامی گونجاو چارەسەر نیە بۆ بنەبڕکردنی تیرۆرو تیرۆریزم. سەرکوتی مافە فەردی و مەدەنیەکان نەك وەلام نیە بەڵکو تیرۆرو تیرۆریزم ئاوی لێدەخواتەوەو پێی بەهێز دەبێت. کۆنترۆلی بازگەکان و کۆنترۆلکردنی ئۆتۆمۆبیل و دانیشتوان ناتوانیت وەلام بداتەوە بەم کێشانەو هەروەك بە تەجروبە بۆ هەموو خەڵکی عێراق دەرکەوتوە, بەتایبەت کە سێك کە بیەوێت خۆی بتەقێنیتەوە بیر لە کۆنترۆلکردن ناکاتەوە، ئەمە بەجیا لەوەی کە تا ئێستا بەهۆی کۆنترۆلی بازگەکانەوە هیچ ئۆتۆمۆبیلێکی بۆمب ریژکراو ئاشکرا نەبوە مەکەر لەوەو پێش هەواڵەکەی هاتبێت، ئەوەش حالەتێکی تایبەتە نەك هەمیشەیی و ڕۆژانە. پاشان بەهێنانی یەکیتی زانایانی ئاینی و تیرۆرریستانی وەك مەلابەشیر نەك چارەسەری تیرۆر ناکرێت بەڵکو تیرۆریزمی پێ بەهیز دەبێت، ئەمەیان پارتی و ئیدارەی هەولێرو بەگشتی ناسیونالیزمی کورد بەباشی دەیزانێت و چەندین جار تاقیکردۆتەوە. بە پێی هەنگاوەکانی کە تا ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستان ناویەتی لە ناوچەی خۆیدا، ڕۆشنە کە دەستەمۆکردنی ئیسلامی سیاسی و بێ بەریکردنی ئیسلام لەم وەحشیگەرییەی گرتۆتەبەرو نایەوێت، چارەسەرێکی ڕیشەیی ئەم کێشەیە بکات.
بنەبڕکردنی تیرۆرو تیرۆریزم لە کوردستاندا لە ڕیگای دوو سیاسەتی ئەصلیەوە دەچێتە پێشەوە: یەکەمیان: جیاکردنەوەی دین لە هەردوو ئیدارەکە لە پەروەردەو خوێندن و قەدەغەکردنی وانەی ئاینی لە مزگەوت و مالەکاندا بۆ منداڵان کە لەلایەن ئیدارەی سلێمانیەوە دوای ڕوداوەکەی شێخ زانا کاری پێدەکرێت، ئەگەر چی زۆر درەنگەو ناکاملە بەڵام هەنگاوێکی پۆزەتیڤەو پێویستە هەنگاوی تری بەدوادا بێت. داخستنی وەزارەتەکانی ئەوقاف و موصادەرەکردنی تەواوی ئەموالی عقارو وەقفەکان و ئەموالی مەنقولەی ئەم وەزارەتە. تێکەڵکردنی کوران و کچان لە قۆناغی سەرەتایی خۆیندنەوە تاکو قوناغەکانی کۆتایی، قەدەغەکردنی مارەکردن لە لایەن مەلاکانەوە، هەڵوەشاندنەوەی وانەی ئاینی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا. بڕیار دان لەسەر یەکسانی ژن و پیاو وەکو یاسایەکی ڕەسمی لەکوردستانداو هەڵوەشانەوەی یاسای ئەحوالی شەخسی حکومەتی بەعس، قەدەغەکردنی دروستکردنی مزگەوتی ترو کۆنترڵکردنی تەواوی مزگەوتەکان و برەو دان بە هۆلەکانی وەرزشی و مۆسیقاو کتێبخانەکان و هۆلەکانی ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەر لەسەر

بودجەی هەردوو ئیدارەکە، قەدەغەکردنی پۆشینی حیجاب بۆتەمەنی ژێر 16ساڵ... دووەم/ جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەولەتیکی سەربەخۆی عەلمانی و ناقەومی لە کوردستان لە ڕیگای ریفراندۆمێکی گشتی و ئازادی خەڵکی کوردستانەوە.
ئەم دووسیاسەتە پێکەوە دەتوانێت کۆمەڵگای کوردستان دوربخاتەوە لە تیرۆرو تیرۆریزم و زەمینە کۆمەلایەتی و سیاسیەکانی سەرهەڵدانی باندی تیرۆریستی ئیسلامی و شێخ زاناکان ووشك دەکات و تەنانەت کۆمەك کردن بە باندی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی لەباری کۆمەلایەتی و جیگاو ڕیگا پیاین تا ڕادەیەکی زۆر ووشك دەکات. تەوەرەی یەکەمیان فەزایەکی کۆمەلایەتی مۆدیرن و شارستانی بەوجود دێنێت کە جێگایەك بۆ کۆنەپەرستی و دواکەوتویی و خورافەو جەهل ناهێلێتەوەو لەهەمان کاتدا مافە فەردی و مەدەنیەکانی ژنان و لاوان و تەواوی خەڵك دەستبەر دەکات و بەم شێوەیەش پێویستیەك نامێنێت بە خەیاڵ و خورافەو حورییەکانی ئەودونیا و بەمپیێیەش زەمینەی هەڵوەشانەوەی تەواوی هێزەکانی تیرۆریستانی ئیسلامی سیاسی فەراهەم دەبێت. تەوەرەی دووەهەم ڕیگا دەگرێت لە تیرۆریستەکان بۆ سود وەرگرتن لەو کەلێن و بۆشاییانەی کە بەهۆی هەلومەرجی لکاندنی کوردستان بەعێراقەوە پەیدابوە، سەبارەت بە کێشەی قەومی و کێشەی کەرکوك وبەشداری ئەحزابی کوردی لە لە دەسەلاتی مەرکەزی و بونیان لە گەل ئەمەریکاداو لەلایەکی تریشەوە هاوکاری و دەستگیرۆیی بۆ تیرۆریستانی کوردستان بنەبڕ دەبێت یان زۆر کەم دەبێتەوە.
خەڵکی کوردستان بەتایبەت کرێکاران ولاوان و خویندکاران و ئازادیخوازان و عەلمانی خوازانی کوردستان، لەبەرانبەر هەلومەرجێکی لەم چەشنەدا قەرارایان گرتوە، ڕیگایەکی تر نی یە جگە لە ڕێکخستنی خەباتی جەماوەری و سەرتاسەری لەپیناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەدا، بەتایبەت کە خواست و داواکاری بەشە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستان گەیشتۆتە ئاستی خۆپیشاندان و مانگرتنی بەردەوام و ڕۆژانە بەدەوری باشکردنی هلەومەرجی ژیان و گوزەران و دژی گەندەڵی ئیداری و لە پیناو دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکاندا، ئەم خەباتە پیویسە فراوانترو یەکگرتوو ترو بەدەوری ئەو خواستانەدا ڕیکخراوتر بکرێت. ئێمە لە ریزی ئەم خەباتەی خەڵکی کوردستاندا بیٔدریغ وەستاوین.